# هەنگاوەکانی جوانکاری





جوانکردنی برژانگەکان هەنگاوێکن بۆ جوانی و زیاتر رازانەوەی چاوەکان، بەهۆی ئەوەی برژانگیش یەکێکە لە رێگاکانی جوانکاری چاو، بۆیە دەبێ بە جوانترین شێواز برژانگ رازاوە بێت، ئەمەش چەند هەنگاوێکن بۆ زیاتر جوانکردنی برژانگ.

**هەنگاوەکان**

- مەهێڵە برژانگەکانت بگاتە رێژەی وشك بوون، ئەمەش دەتوانیت لە رێگەی دانانی فازلین بە بەردەوام شەوانە، ئەمەش دوای ئەوەی کرێمی نەرم کردنەوە لە پێست دەدرێت پێش خەوتن.
- لە کاتی بەکارهێنانی ماسکارا، هەوڵبدە ماسکارا لە ژێرەوەی رەگی مووی برژانگەکان بگرێت، بۆ ئەوەی بە تەواوی مووەکانی برژانگ رابکێشرێت.
- دوور بکەرەوە لەم جۆرە ماکیاژانە رەقانەی دەبێتە هۆی وشك بوونی برژانگەکانت، کاتێك ماسکارا دەکەیت بە هێواشی ئەنجامی بدە، نەوەك بەپەلە بۆ ئەوەی بە تەواوی برژانگەکان بگرێت.
- کاتێك ماسکارا ئەنجام دەدەیت، هەوڵبدە برژانگەکان رابکێشیت بە درێژایی مووەکان، لەگەڵ راکێشانی ئەو بەشەی دەرەوە بەرەو دەرەوە، ئەوانەی ناوەڕاستیش بەرەو سەرەوە.
- پێویستە ماوە ماوە، ماسکارای رەش بەکارنەهێنرێت لە جیاتی ئەوە دەکرێت ماسکارای وەنەوشەیی یان شین

# دڵ و گوڵ لە گوارە ناسکەکانی ئەمساڵدا




گوارەکان زیاتر خانمان جوانتر دەکەن، ئەمەش زیاتر پابەندە بە جوانی سەر دواتریش گونجاندنی لەگەڵ ماکیاژ و شێوازی تەسریحە و رەنگی قژ، بۆیە دەبێت لە نزیکەوە ئاگاداری هەڵبژاردنی ئەو جۆرە گوارانە بین کاتێك بۆ گوێچکە دەخسترێت. مۆدەکانی گوارە لە جوانی شێوە و رەنگەکەیەتی، کەچی لەم مۆدەیە شێوازێکی دیکە بەدیکراوە.

جوانی ئەو مۆدەیە بریتییە لە شێوە بچووکییەکەی ئەو گوارەیە، لەگەڵ بوونی رەنگێکی زەردی زێڕی لە نەخشاندنی رەنگەکەی، دواتریش نەخشێکی جوانی لە شێوەکانی دڵ و گوڵ، ئامادەکراوە بۆ ئەوەی شێوەیەکی ناسك ببەخشێت، ئەم مۆدەیە دەبێتە مۆدەی داهاتووی گوارە بۆ خانمان.



## کراسێکی کورت و کراوە بۆ دوو وەرزی ساڵ

مۆدەکانی جلوبەرگ بە گشت شێوازێك ئامادە دەکرێن، هەر مۆدەیەك دەبێتە شێوازێکی جوان و ناسك بۆ گشت خانمێك کاتێك دەتوانێت ئەو جلوبەرگانە بپۆشێت، ڕێگاکانی هەڵبژاردنی شێوەی نەخشی جلوبەرگ لەم مۆدە ناسکە دەردەکەوێت، بە تایبەت تەرخان کراوە بۆ وەرزی نێوان بەهار و هاوین، چونکە ئەو جلە لەگەڵ جوانی و کەشی ئەو دوو وەرزە دەگونجێت. مۆدەی ئەمجارە بریتییە لە کراسێکی کورت، تاوەکو ژێر چۆك دەبێت شێوەیەکی کراوەی پێوە دیارە، لەگەڵ نەبوونی قۆڵەکان بەمەش جوانی بەشی سەرەوە دەردەکەوێنێت، هەروەها بوونی نەخشێکی سادە لەسەر سینگی ئەو کراسە زیاتر دەبێتە ناسکردنی کراسەکە، یەکێك لەو ڕەنگانەی بۆ ئەو کراسە و مۆدەی داهاتوو گونجاوە بریتییە لە ڕەنگی سەوزی کراوە.

## برژانگ



بەکاربهێنرێت.

- پێش بەکارهێنانی ماسکارا پێویستە بە ناو بۆدرەی بنێت بۆ ئەوەی نەرم بێتەوە، دواتر بەسەر برژانگەکان دابهێنرێت، ئەمەش بۆ نەرمکردنەوەی فلچەی ماسکارا.
- مەهێڵە پاشماوەی ماسکارا و ماکیاژی پێشوو لەسەر برژانگەکان بمێنێت، کاتێك ماسکارای تازە ئەنجام دەدەیت.


## ماکیاژی قاوەیی بۆ دەرکەوتنی ڕووخسارێکی هێمن

ماکیاژی دەم و چاو هەنگاوی گرنگی دەوێت بۆ ئەوەی شێوەیەکی ناسك و جوان هەڵبژێردرێت تاوەکو ماکیاژێکی جوانی لێوە دەربچێت، لەگەڵ ئەوەی چەندین ڕەنگ و جۆرە ماکیاژ هەیە تاوەکو ببێتە ئەنجامی ماکیاژێکی نەرم و جوان بۆ ڕووخساری خانمان، یەکێك لە مۆدە تازە و جوانەکانی ماکیاژ، شێوازێکی تازەیە لە ڕەنگ و نەخشی ماکیاژەکەی.

ڕەنگی ئەو ماکیاژە لە ڕەنگی قاوەیی کراوە یان بە ڕەنگی جالێکسی ناسراوە و نەخشێنراوە، بەمەش ئەنجامی ماکیاژێکی جوان و هێمنی لێوە دەرکەوتووە. لەگەڵ ئەوەی ڕەنگی پشت چاوەکانیش لە ڕەنگێکی قاوەیی تۆخ ڕەنگ دەکرێت بەمەش دەبێتە مۆدەیەکی تازە و ناسك بۆ ماکیاژی ڕووخساری خانمان.










## داپیرەی ئۆباما دەچێتەماڵی خوا

دوای هەڵبژاردنـــی بـــاراك ئۆباما بە سەرۆکی ئەمەریکا، دەنگۆی ئەوە هەبوو ئۆباما لەلایەنێك موســـڵمان بێت، کەچی وادیـــارە دەنگۆکە ڕاســـتە، چونکە بەم دواییە داپیرەی ئۆباما لە ســـاڵی داهاتوو ســـەردانی ماڵی خوا بـــکات، داپیرەی ئۆباما بە (ماما ســـارە) ناســـراوە و لە وڵاتـــی کینیا دەژییـــت، ئەویش لەلایەن پیاوێکی ئیماراتی داوەت کراوە.

وا پێشبینی دەکرێت بەم زووانە داپیرەی ئۆبامـــا ســـەردانی ئیمارات بـــکات بە سەردانێکی تایبەت، لە ساڵی داهاتووش لە ماڵی خـــوا بێت، لەگەڵ ئەوەی ماما سارە ئەو قســـانەی ڕەتکردەوە دەڵێن بێتە مەســـیحی، هەر لەســـەر ئایینی ئیسلام دەمێنێتـــەوە ! ئـــەوەی دەبینیـــن وێنەی ئۆبامایە لە ژوورەکەی خۆی هەڵیواسیوە ئەمەش لەلایەن سەرۆك ئۆباما سەردانی ماڵی داپیرەی کردووە لە ساڵی ٢٠٠٦.

## بووک و زاوای مردوو

لە وڵاتی ئەمەریکا سەیرترین حاڵەتی تایبەت بە مردووەکان دەرکەوتووە، ئەمەش لەلایـــەن ئەو کەســـانەی کەســـوکاریان مردوون، حاڵەتەش بریتییە لە دەرهێنانی مردووەکان لە ناو گۆڕەکانیان بە تایبەت ئەوانەی ماوەیەکی نزیکەی مردوون، واتە نێوان (٥ تاوەکو ١٥) ساڵ، ئەوەی سەیر بێت دەبێ مەبەستی دەرهێنانی مردووەکان چی بێت!


مەبەســـتی ئەو دەرهێنانـــە بریتییە لە دووبارە جـــل لەبەرکـــردن و جوانکردنی مردووەکان، لەگەڵ ئـــەوەی دوو مردوو دەهێنن و دەیانکەن بە بووك و زاوا، ئەوەی لەم وێنانە دەبینـــن بریتییە لە مردوو بە جلی تازە و ڕازاندنەوەی تایبەت، ئەمەش دەبێتە سەیرترین حاڵەت بۆ مردووەکان.






## دوو مۆدێلی سەیری پانتۆڵ

مۆدە سەیرەکانی جلوبەرگ ڕۆژانە لە شتی تازە دەردەکەوێت و هەر یەکەش بەپێ ئـــەو داواکارییانە ئامـــادە دەکرێت کاتێك لەلایـــەن کۆمەڵە کەســـێك داوا دەکرێت، ئەوەی لەم دوو وێنەیە دەبینن دوو مۆدەی ســـەیری جلوبەرگە، هەر یەکە جیاوازە لە جلی ئاســـایی، بە شێوەیەك دەبێتە مایەی گاڵتـــە و پێکەنیـــن لـــەلای خۆمان یان زۆربەی وڵاتانـــی جیهان. مۆدەی یەکەم بریتییە لە: پانتۆڵی درێژ تا سەر سینگ بۆ پیـــاوان، ئەمەش لە قاچ دەبێت تاوەکو سەر سینگ، واتا لە جیاتی پشتێن لەسەر نێك ببەسترێت لەسەر سینگ دەبەسترێت. مۆدەی دووەمیش بریتییە لە: دانانی پانتۆڵ لە خوارەوەی شوێنی تایبەتی خۆی، واتە شوێنی پشـــتێنەکەی لەسەر ڕانەکان بێت، وەك چۆن لە وێنەکـــەدا دەبینن، ئەمەش سەیرترین دوو جلی دروست دەکات.






## ئوتێل لەناو فڕۆکە!

کارە سەیرەکان ڕێگەی تازەیان هەیە لە دروست کردنی شتە سەیرەکان، یەکێك لە بیرۆکەیەکی سەیر بریتی بوو لە دروست کردنی ئوتێلێکی لە ئاسمان، ئەمەش شتێکی دوور بوو بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، سەرچاوەی ئەو بیرۆکەیەش لەوە هات کاتێك مرۆڤ گەشت دەکات بە فرۆکە حەز بە خەو دەکات.

بۆیە لەلایەن کۆمپانیایەکی گەورەی بەلجیکا فرۆکەیەکی بە توانا و سەیر دروست کرا، ناوەوەی فرۆکەکە بریتییە لە ئوتێلێکی تایبەت و خۆش، بۆ گشت کەسێك دەتوانێت لەم ئوتێلە بخەوێت، ئەوەی سەیر لەناو فرۆکەکە هیچ دەنگێکی فرۆکە نییە، لەوەی کەسەکان بێزار بکات، چونکە فرۆکەکە بە شێوەیەکی جوان و زیرەکانە دروست کراوە.

## دوو خێزان بە مۆتۆرسکیلێک گەشت دەکەن

بێگومان دەزانین مۆتۆرسکێل بۆ گواستنەوەی مرۆڤێك یان ئەگەر پێویست بکرێت بۆ دوو مرۆڤ بەکاردەهێنرێت یان هەڵدەگرێت، چونکە توانای مۆتۆرسکێل ئەوەندەیە و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ سەلامەتی و دوور لە کارەساتە ترسناکەکانی مۆتۆرسکێل ئەم هەنگاوانەی لێخوڕینی دانراوە. ئەوەی دەیبینن لە هیچ یاسا و شوێنێکدا ئەنجام نەدراوە، سەیری ئەو مۆتۆرسکێلە لەوەیە چۆن توانای عەشیرەتێکی هەیە، ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەر ئەم مۆتۆرسکێلەن بریتییە لە (٨) کەس، دوو پیاو لەگەڵ دوو ژن، ئەوەی دیکەش بریتییە لە (٤) منداڵ، پێدەچێ دوو خێزان بن و گەشتێك ئەنجامبدەن، وەك لە وێنەکەدا دەبینن چۆن گشتیان لەسەر مۆتۆرسکێلێك دانیشتوون!





## بە نەشتەرگەری خۆت پیر و گەنج بکە



ئەنجامە سەیرەکانی کاری نەشتەرگەری بۆ مرۆڤ چەندین کاری سەیر و جوانی لێدەرکەوتووە، وەك ئەوەی بتوانن مرۆڤ لە شێوەیەك بۆ شێوەیەکی دیکە بگۆڕێت، ئەمەش وەك زانستێکی تازە و سەیر بۆ ئەوەی رووخساری مرۆڤ بگۆڕدرێت بۆ هەر مەبەستێك بێت، بە تایبەت کاتێك بەشداری لە فیلم و رۆڵە سینەماییەکان دەکەن. وەکو چۆن لە فیلمێکدا کەسێك دەتوانێت چەندین رۆڵ وەربگرێت ئەمەش لە ڕێگەی نەشتەرگەری رووخسار دەکرێت، ئەوەی لەم وێنانە دەبینن بریتییە لە گەنجێکی تەمەن (٢٤) ساڵ، بە ماوەی (١٠) خوولەکێك رووخساری دەبێتە کەسێکی تەمەن (٧٠) ساڵ بەرەو سەرەوە!





# جەستەیەکی بەهێز و سەیر

ئەو کەسانەی خاوەن جەستەیەکی بەهێزن، دەتوانن لە چەندین نمایشی تایبەت بەشداری بکەن و بەهرەکانیان پێشکەش بکەن، ئەوەی دەیبینن پیاوێکە لە بەرچاوی خەڵکێکی زۆر سەیرترین نمایشی خۆی ئەنجامدا، ئەم پیاوە ناوی (مایك)ە و تەمەنی ٣١ ساڵە، لە نمایشەکە توانی بەرگەی شکاندنی کۆمەڵە کەرپووچێکی گەورە بگرێ، کاتێك لەسەر شتێکی تیژ دانرابوو، دواتریش خسترابووە سەر سگی ئەو پیاوە. لەگەڵ دانانی تەلی تیژ لەژێر پشتی بۆ ئەوەی بەرگە بگرێت، بەمەش دوای شکاندنی کەرپووچەکانی سەر سنگی، لە ئەنجامدا بەبێ ئازار یان شتێك هەڵسایەوە و نمایشێکی سەیری پێشکەشکرد.

## شێوەی رووخساری مرۆڤ لە ١٠٠ ساڵی دیکە

رووخساری مرۆڤ لە هەر کەسێك جیاوازی هەیە لەگەڵ کەسانی دیکە، تەنیا چەند کەسانێك هەن شێوەیان دەچێتەوە سەر یەکتر، بیردۆزێکی سەیری پیاوێکی نیوزیلەندا بۆ دەرکەوت بە درێژایی ژیان شێوەی رووخساری مرۆڤ دەگۆڕێت، پێشبینی ئەوەش دەکات لە ماوەی (١٠٠) ساڵی داهاتوو شێوەی مرۆڤەکان بچێتەوە سەر شێوەی ئاژەڵان.

هەروەکو چۆن هەندێك کەس دەبینین شێوەیان لە شێوەی رووخساری گیانداران نزیکە، ئەم وێنانەش دەبێتە بەڵگەیەك بۆ ئەوەی رووخساری مرۆڤ بەم شێوەیە دەردەچێت. لەگەڵ ئەوەی ئەم پیاوە ئاماژەی وێنەکانی بۆ ئەو مرۆڤانە بووە ئەوانەی لە سەردەمی کۆن ژیاون!











## ئۆتۆمبێل

دروست کردنی کەرەستە سەیرەکان لە گشت بوارێکی تەکنۆلۆژیا و کەرەستەکان دەردەکەوێت، ئەمەش بۆ ئەوەی سەرەنجراکێشی و شتێکی جوانی لێوە دروست بکرێت، هۆی دروست کردنی ئەو کەرەستە سەیرانە بۆ ئەوەی ئەنجامێکی بەرچاوی هەبێت بۆ فرۆشتن و لەگەڵ نازناوێکی گەورە بۆ کەرەستەکە تاوەکو لە سەرتاپای جیهان






# گەورە مووچە خۆرەکانی جیهان


زۆرن ئەو مرۆڤانەی خاوەن کار و مووچەیەکی زۆرن، ئەمەش بەپێ کار و ئیشەکەیان دەوەستێت، ئەوەی سەیر بێت چەند کەسانێك لە جیهان هەن مووچەیان خەیاڵییە و زۆرە، بەڵام لە هەندێك دەزگا و شوێن ئەو ڕێچکەیە شکێندراوە کاتێك مووچە بۆ چەند کەسانێکی بەرپرس دادەنرێت. یەکێك لە زۆرترین مووچەکانی جیهان بریتییە لە مووچەی سەرۆك بانکێك لە وڵاتی سویسرا، ئەو مووچە خۆرە ناوی (مارسیل ئۆبسێل)ە و لە بانکی ناوەندی ubs لە سویسرا کار دەکات، مووچەی مانگانەی بریتییە لە (١٨) ملیۆن و نیو دۆلاری ئەمەریکی، لە دوای ئەو زەبەلاحە مووچە حۆری خاوەن کۆمپانیای نۆڤارتیس بۆ پرۆتۆلی کیمیاوییەکان، ئەویش ناوی (دانییل فزێلایە) و مووچەکەی بریتییە لە (١٧) ملیۆن دۆلار.

# سەیرترین نەخۆشخانەی لە دایکبوون

نەخۆشخانەکان دەبێ پاك و جوان بن، ئەوەیە هێمای نەخۆشخانەکان لە سەرتاپای جیهان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی جێگەی چارەسەری و چاکبوونەوەی مرۆڤە نەخۆشەکانە، بەتایبەت نەخۆشخانەی لە دایکبوون و منداڵان، چونکە هەر شتێکی پیس کاریگەری دەبێت لەسەر تەندرووستی ئەو منداڵەی دەبێت. بۆیە لە وڵاتی ژاپۆن سەیرترین و پاکترین نەخۆشخانە دروست کراوە، وەك ئەوەی شوێنێك بێت بۆ منداڵی تازە و پڕ بێت لە گشت کەرەستەیەکی جوان، لەگەڵ دانانی کەرەستەی جوان بۆ شوێنی نەخۆشەکان لە ماڵێکی پاك و نوێ دەچێت، وەك ئەوەی لە وێنەکاندا دەبینین !





## ...ی بەراز

کەرەستەکە بناسرێت.

ئەوەی دەیبینن ئۆتۆمبێلێکە لەلایەن کۆمپانیایەکی بەریتانی دروست کراوە، شێوەی ئۆتۆمبێلەکە لە شێوەی بەرازە، لەگەڵ هاتنی ئەم پەتایەی لە ڕێگەی بەراز بڵاوبۆتەوە، شێوەی ئۆتۆمبێلەکەش تەنیا بۆ جوانی و کەرەستەیەکی سەیر دروست کراوە، نرخی ئەو ئۆتۆمبێلە (٢٥٠) هەزار دۆلارە !




# جوانترین باز راوکرا

گیانداره سەیرەکان شێوەیان جیاوازە لە هەر گیانداڕێك لەوەی دیکە، هەندێك جار شێوەکان بە رووخسارێکی دیکە دەردەکەون و جیاواز دەبن تەنانەت لەگەڵ هاو رەگەز و شـێوەی خۆیان، ئەوەی دەبینین باڵندەی بازە، رووخساری لە شێوەی کەلەشێر یان مریشـك دەچێت، لەگەڵ ئەوەی تووکێکی سـەیر و جوانی لە دەوراوپشتی سەری کۆبۆتەوە، ئەم بازە بەم دواییە راو کراوە لە دارستانێکی وڵاتی ئوستراڵیا.

# وێنەگرێکی شێت!

ئەوەی دەیبینن سـەیرترین وێنەگرە لە جیهـان، لەگەڵ ئەوەی خاوەن ئەو کۆمەڵە کامێرایەیـە، کەچی تاوەکو ئێستا شـوێنێکی نییە بـۆ ئەوەی لێوەی بژییـت، لەگەڵ ئەوەی خاوەن (٢٨) کامێرایە، نرخی هەر کامێرایەك نزیکەی (٥٠) وەرەقە دەکات، ئەوەی



سـەیر بێت ئەو وێنەگـرە رۆژانە و شەوانە لەسـەر شەقام و شۆستەکانی وڵاتی چین دەخەوێـت، وەکو خۆی دەڵێت: کامێراکانم بـە هەموو دونیا نادەم و دەمەوێت ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار بکەم لەوەی خـاوەن زۆرترین کامێرا بم لە جیهان !

# ئەمە دووکوڵ کێشە یاخود جگەرەکێش




لە پێـش جەماوەرێکی بەرچاو چەندان جار ئەو کارەی دووبارە کردەوە.

نمایشـە سـەیرەکان رۆژانە دەردەکەون بـە جۆرێك هەر یەکە نمایشـێکی تایبەت دەردەخات بۆ ئـەوەی نازناوێکی گەورەی پێوە وەربگرێت، ئـەوەی دەیبینن پیاوێکە دەتوانێت بـە دەم و لووت و گوێچکەکانی جگەرە بکێشێت و دووکەڵی جگەرەکەش لە هەمان ئەو شوێنانەی سـەرەوە دەربهێنێت. بەهەرەی ئەو جگەرەکێشە سەیرە لە نمایشێکی تایبەت لە وڵاتی (مالی) دەرکەوت، کاتێك

## بۆ ئاسـوودەیت

☺ پیاوێکی زۆر رەزیل، دوای ئەوەی تەلەفۆن بۆ کەسـێك دەکات و ژمارەکەی بـە تەواوی نەدەزانی، کـە تەلەفۆن دەکات و دەڵێ: کاك شـوان؟ تەلەفۆنەکە هەڵە دەبێت و کەسـێکی دیکە وەڵام دەداتەوە و دەڵێ : ئەوە شوان نییە کەسێکی ترە! پیاوە رەزیلەکەش دەڵێ: مادام تۆ شـوان نیت بۆ وەڵامی تەلەفۆنی خەڵك دەدەیتەوە..

☺ یەکێك بە ئوتۆمبێل لە کەسـێك دەدات، دوای ئەوەی قاچی دەشـکێت و دواتر شوفێرەکە دیەوێت لەگەڵ کەسەکە رێککەوێت و پێدەڵێت: چیت دەوێت بۆت بکەم؟ ئەویـش دەڵێت: دوو دەفتەر دۆلارم دەوێت! کابرای شـوفێر دەڵێت: بۆ وادەزانی من ملیۆنێرم تا ئەوەندە پارەیەت بدەمێ! کابرای بریندایش دەڵێت: بۆ دیارە منیش ١٠٠ قاچم هەیە تاوەکو لێت خۆش بم..



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

چارەسەری پێویست بۆ چەند کێشەیەك دەدۆزیتەوە کە ئـەم ماوەیە زۆر بیری لێدەکەیەوە، ئەمەش یارمەتیت دەدات بۆ گەیشتن بەو ئاواتانەی کە لەمێژە خەونیان پێوە دەبینی. پێویسـتە بایەخی زیاتر بە هاوڕێ و کەسوکارت بدەی، دیتنی کەسێك چەند یادگارییەکت بیر ئەخاتەوە.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەخت دەبێتـە هاوڕێت و یارمەتیت ئەدات لەزۆربەی بوارەکانـدا ئەمەش وا دەکات ئەم هەفتەیە زۆر خۆش بێت و لەیـادت نەچێتەوە. لەوانەی لە ئاهەنگێك یان لە گەشتێك دا کەسێکی نوێ بناسیت و ببێتە خۆشەویستت. کاتەکە زۆر گونجاوە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانت.



### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

خەونەکانت زۆرن بەڵام پێویستی بە هە وڵدانی زیاترە بـۆ ئەوەی پێیان بگەی، ئەگەر خۆشەویسـتت نییە بە شـێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کەسـێك سـەرنجت ڕادەکێشـێت و لەوانەیـە ببێتە هۆی درووسـتبوونی پەیوەندییەکی سۆزداری،ئەم هەفتەیە باری داراییت لە ئێستا باشتر دەبێت.



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

هەرگیز بـە خێرایی بڕیار مـەدە لەبەرئەوەی ئەمە لەبەرژەوەنـدی تۆ دا نییە. بەرنامەی پێویسـت بۆ قۆناغی داهاتووی ژیانت دابڕێژە دڵنیابە سەرکەوتوو دەبیت. پێویسـتە ئەوەندە خۆت مانـدوو نەکەی بۆ ئەوەی کارنەکاتە سەر تەندرووستیت. ئەوانەی وەفایان بۆت هەبووە لەیادیان مەکە.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢


پێویسـتە ئەوەی لە دڵت دایە بە بەرامبەرەکەت بڵێی بۆ ئەوەی ڕاسـتیەکان بزانێت و ئەویش بڕیاری خۆی بدات. لەبواری کارکـردن دا لەوانەیە کارێکی نوێت پێ بسـپێردرێت ئەمەش بەرپرسیاریەتی تۆ زیاد دەکات بەڵام ئەگەر سەرکەوتوو بیت تیایدا ئەوا زۆر سوودی بۆ تۆ دەبێت.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەم هەفتەیە دەبێـت زۆر ئارام بگریت و هەوڵ بدەی هەندێ کێشەی بچووك نەبنە ڕێگر لەبەردەم کارەکانت دا. بەرامبەرەکەت زۆر تۆی خۆشدەوێت بۆیە واباشە تۆش خۆشەویستی زیاتری پێ ببەخشیت بۆ ئەوەی داهاتوویەکی پڕ لەخۆشی ببێتە ئەنجامی پەیوەندییەکەتان.

ئا/ هێمن قەسرەیی



### ئاسۆیی:

١- یاریزانێکی هەڵبژاردەی عێراقە- نەخۆشییەکە(پ).
٢- دوورگەیەکە لە ئەمەریکا(پ)- پرسی- خواردنەوەیەکە.
٣- دوو پیتی کاس....
٤- کۆ(پ)- یانەیەکی ئیسپانییە(پ)- نەخێر.
٥- پیتێکی Eیە (پ)- چیرۆکی درێژ.
٦- بەشێکە لە لەش.
٧- باغ.
٨- گۆرانیبێژێکی کوردە خاوەنی وێنەی سەرەوە.
٩- دوو پیتی دایە- تۆ.
١٠- تۆبەE- ڕێگا(پ)- دوو پیتی شانە.
١١- یاریزانێکی ئەرجەنتینی بوو- رووخا.
١٢- باشترین یاریزانی ئاسیا لە ٢٠٠٨- ئاشکرا

### ستوونی:

١- چیایەکی کوردستانە(پ)- شارێکە لە میسر(پ).
٢- شارێکی عێراقە- هار- دوورگەیەکە لە ئەندەنوسیا(پ).
٣- دەموچاو- ناوێکی کوڕانە(پ)- ڕێگا.
٤- شارێکە لە ئەمەریکا(پ)- مۆسیقاژەنێکی ئەندەلوسی بوو.
٥- دوو پیت لە هوڵ- دار(ت).
٦- ژمارەیەکە- داوێکە- گێژ.
٧- وەکویەك — شارێکی کوردستانە.
٨- روتبەیەکی تورکییە- جۆرە فڕۆکەیەکە(پ).
٩- جۆرە میوەیەکە- وەکویەك.
١٠- ژمارەیەکە(پ)- دارێکە-وەکویەك.
١١- دووپیتی چای- ئامێرێکی مۆسیقایە- ژمارەیەکە- قژ.
١٢- چیایەکی کوردستانە- رووبارێکە لە کوردستان.

ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەسێك رووی خۆش نەبێت)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکی زەردە، مەیموون حەزی پێدەکات )
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٧+٨+١+٢+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (یەکەمین سوپەر مارکێتی هەولێر)
- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (جێناوی کەسی یەکەمی تاك)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بەردەڕەش) بوو



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەسێك یارمەتیت ئەدات بۆ کۆتایی هێنان بەو کێشەیەی ئێستا خەمی بۆ دەخۆی،وا بکە ئەمە بە نهێنی لەنێوان خۆتان دا بمێنێتەوە و کەس پێی نەزانێت. وەرزش کردن ڕێگایەکی گونجاوە بۆ ئەوەی هەندێ جار لەو سەرقاڵیە ڕزگار بیت کە تۆ تێیدای و بەختەوەرت دەکات.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

شکست هێنان مانای ئەوە نییە کە تۆ ئیتر ناگەی بە ئاواتی خۆت،وا بکە ئەمە بێ هیوات نەکات و هەمیشە بیر لە سەرکەوتن بکەوە. زۆربەی جار کاتی ئەوەت نییە سەردانی کەسە نزیکەکانت بکەی ئەمەش وای کردووە ئەوان بە جۆرێکی تر لێت بڕوانن بۆیە گۆرانکاری لەم بوارەدا کارێکی پێویستە.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەوانەیە کێشەیەك یان لێکتێنەگەیشتنێك هەبێت لەنێوان تۆ و هاوڕێیەکی نزیکت دا هەتا بتوانی هەوڵ بدە بە ئارامی چارەسەری بکە. ئەگەر دەتەوێت گۆرانکاری بەسەر دیکۆری ماڵەکەت بێنێت ئەوا دەستی پێ بکە و گۆرانکاری لەزۆر بواری تریش دا لەڕێگایە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەم هەفتەیە دەرگای بەختت دەکرێتەوە و لە زۆربەی بوارەکاندا سەرکەوتوو دەبیت.هەندێك لەوانەی خاوەنی ئەم کەلووەن چەند گۆڕانکاریەکی گەورە لە ژیانیان ڕوودەدات. بە ڕەچاوکردنی هەندێك خاڵی گرنگ دەتوانی ئەوە بەدەست بێنیت کە دەمێکە خەونی پێوە دەبینی.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

زۆر بیرکردنەوە و خەم هەڵگرتن بەهۆی چەند کێشەیەکی کۆنەوە هیچ سوودێکت پێناگەیێنێت بەڵکو تووشی خەمی زیاترت دەکات بۆیە بیر لە ئایندە بکەوە و کارێك بکە هەمان هەڵەی پێشوو دووبارە نەکەیەوە. لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیەکانت گەشەکردنی زیاتر بەخۆیەوە دەبینن.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ژیانی تایبەتیت پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە بەو پێیەی هەندێ هەڵسوکەوتت وێنەیەکی تر بۆ کەسایەتیت دروست دەکەن لای خەڵك بۆیە ئەو گومانانە دووربخەوە. لەوانەیە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی کۆتایی بەو لێکتێنەگەیشتنە بێنێت کە لە نێوان خۆت و هاوڕێیەکەت دا هەیە.

hemntoni@yahoo.com